د. زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەکان & پسپۆری پزیشکی گشتی و پزیشکی بەشی خۆپاراستن – ستۆکهۆڵم .
2007.09.09

# شێرپەنجەی سیپەلکەکان

بریتییە لەو گۆڕانکاریانەی لە خانەکانی نێوپۆشی سییەکاندا روودەدات ، ئەویش کاتێك روودەدات کە سییەکانی مرۆ بکەوێتە بەر هێرشی ئەو ماددەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی گۆڕانکارییە شێرپەنجەییەکان . سییەکان ژمارەیان دووانە و دەکەونە ئەملاولای قەفەزەی سنکەوە و لە ناوەراستدا بە هۆی بۆری هەناسەدانەوە کە لە کرکراگەیەکی شێوە ئەڵقە پێکهاتووە بەستراوە بە هەردوو سییەکانەوە . سیپەلکی راست لە 3 بەش (لۆب) پێکهاتووە ، سیپەلکی چەپ لە 2 بەش (لۆب) پێکهاتووە . سییەکان تایبەتمەندییەکی خۆیانیان هەیە ئەویش بریتییە لە توانای فراوان بوون و چوونەوە بارودۆخی ئاسایی یان . کاری سەرەکییان بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردنی گازی نێو سییەکان ئەویش لە رێگای هەناسەوەرگرتنەوە ئۆکسجین وەردەگرن و بە هۆی هەناسەدانەوە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەکەنە دەرەوەی لەش .




سیپەلکەکان و بەشەکانی دی کۆئەندامی هەناسەدان (8)

خانەکانی سییەکان بەرگەی هەوای سارد ، هیشك یان شێدار دەگرن ، کوونە لووتەکان پاشتر بۆری هەناسەدان ، بۆریچکە هەواییەکان و میزڵدانۆچکەکان هەوا پاکوخاوێن دەکەن و تەنانەت هەوای ساردی هەناسە هەڵمژین گەرم دەکەنەوە . لە نێو هەر سیپەلکێکدا چەندان ملیۆن بۆریچکەی هەوا و میزڵدانۆچکەی هەوای تێدایە لە پەراوێزی بۆریچکە هەواییەکان موولولەی خوێن هەس کە گچکەترین بۆریچکەی خوێن . دیوارەکانیان زۆر تەنکەو تۆڕێك موولولەی خوێنی تێدایە و لە رێگایەوە دەتوانن گۆڕانکاری ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بکەن .

### هۆکارەکانی شێرپەنجەی سییەکان

– دووکەڵ و گەردیلەی کارگەی پیشەسازی مەترسی تووشبون زێد دەکات .
– هۆی لە 80–90٪ی شێرپەنجەکە لە پیاودا و لە 60–70٪ ی لە ژندا دەگەرێتەوە بۆ جگەرەکێشان.
– ئەسبێست و پیسی ژینکە لە 10–20٪ .

### شێرپەنجەی سییەکان چییە ؟

یەکێکە لەو شێرپەنجانەی کە تووشی مرۆ دەبێت و وەك کۆمەڵێك نەخۆشی دەردەکەوێت . لەم 50 ساڵانەی دوواییدا تێبینی ئەو راستییە کراوە کە شێرپەنجەکە زێدەتر بڵاوبۆتەوە لە دنیادا و پیاوان زێدەتر تووشی دەبن وەك لە ئافرەتان . هەرچەندە ئەم کۆمەڵە نەخۆشییە لە یەکتری جیاوازن وەلێ یەك خاڵی هاوبەشیان هەیە ئەویش بریتییە لە دەرکەوتنی هەڵەیەك لە خانەکانی لەشی مرۆڤدا . لەشی مرۆ ئۆرگانی جیاوازی تیادایە ، هەریەکەیان زێدەتر لە ملیاردێك خانەی

گچکەیان تیادایە ئەوانیش بریتین لە خانەکانی پێست ، ماسولکە ، گورچیلە ، جگەر ، ئێسك و چەندان جۆر خانەی دی کە لە لەشدا فەرمانی جیاوازیان هەیە .

## نیشانەکان

ئەوەی شایانی باسە نیشانەکانی ئەم شێرپەنجەیە جیاوازە و هەندێك جار نیشانەکان لە کاتی سییە سۆکاندا دەبینرێت وەلێ لەم بارەدا نیشانەکان لە دوا قۆناخی نەخۆشییەکەدا دەبینرێت و گرنگترینیان بریتیین لە :

– کۆکە ، ناسراوترین نیشانەی ئەم شێرپەنجەیەیە ، هۆی کۆکە دەگەڕێتەوە بۆ رووشاندنی نێوپۆشی بۆریە هەوایەکان ، لەوانەیە پەستانی بۆریەکانی هەواش ببێتە هۆی کۆکە . کۆکە دوو جۆرن ، یان ئەوەتا هیشکە یان نەخۆش کۆکەی تەڕ بەڵغەماوی یان خوێناوی هەیە .

– تەنگە نەفەسی یان پشوسواری لە کاتی پشودا یان کاتێك مرۆ خۆی ماندوودەکات ، نیشانەیەکی دی ئەم جۆرە شێرپەنجەیەیە .

– ئازاری قەفەزەی سنگ ، جاری وا هەیە لە کاتی هەناسەداندا دەنگی ویزەویزێك یان دەنگی جیاواز لە سیپەلکەکانی نەخۆشەوە دێت کە نیشانەیەکی گیروگرفتی هەناسەدانە و لە سییەسۆدا لە گەڵ لەرزوتا و ئارەقەکردنەوەدا دەردەکەوێت .

هەندێك جار نەخۆش ئەوەندە ناڕەحەتە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی وا دابنیشێت کە ئازارەکەی کەم بکاتەوە .

لەبەر ئەوەی پاڵ کەوتن دەبێتە هۆی گیروگرفتی هەناسەدان لەبەر ئەوە نەخۆش هەوڵ دەدات بارێکی لەبار بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە باشی هەناسە بدات یان ئەوەتا بە دانیشتنانەوەیە یان سەنیر (سەرین ، بالیف) دەهاتە ژێرپشتی بۆ ئەوەی سەر باشتر بکاتەوە .

– لاوازبوون، نەمانی ئیشتیهای خۆراکخواردن ، ماندوویەتی و شەکەتبوون ئەم نیشانانە کەمێك درەنگتر دەردەکەون .

– هەندێك نەخۆش یەکەم نیشانەیان بە مێتاستاس دەردەکەوێت ئەویش لە گەورەبوونی لیمفەگرێکانی لامل یان شوێنی دی دا دەردەکەوێت .

– لەوانەیە هۆی گیروگرفتی قووتدانی خۆراك ، دەنگ نووساندن ، تەنگەنەفەسی بگەڕێتەوە بۆ مێتاستاس .

## جۆرەکانی شێرپەنجەکە

ئەوەی راستی بێت چەند جۆرێك شێرپەنجەی سیپەلکەکان هەیە و گرنگترینیان ئەمانەن :

– شێرپەنجەی (Squamous cell carcinoma) خانە پانەکان لە پانەبڕگەدا ، ئاسایترین جۆری شێرپەنجەیە و زێدەتر تووشی پیاو دەبێت . ئەم جۆرە لە بۆریەکانی هەوای سییەکاندایە .

– ئەدێنۆکارسینۆم (Adenocarcinoma)، ئاساییترین جۆرە کە تووشی ژنان دەبێت . ئەم جۆرە لە گرێ خانەکانی نێوپۆشی سییەکاندا گەورە دەبێت . لەم جۆرەدا شێوازی جیاوازی دی شێرپەنجە دەردەکەوێت وەك کە تووشی بۆریچکە هەوایەکان دەبێت .

– شێرپەنجەی (Bronchoaveolar carcinoma)، ئەم جۆرە تووشی خانە گچکەکان دەبێت . خێرا بڵاودەبێتەوە بە تایبەتی لە دەرەوەی قەفەزەی سنگدا دەردەکەوێت .

– شێرپەنجەی (Lagre cell carcinoma) کە تووشی خانە گەورەکانی سیپەلکەکانی لەش دەبێت .

## دەستنیشانکردن

– نیشانەکانی سەرەوە .

– تێستی بەڵغەمی نەخۆش Sputom Cytology بە سوودە بۆ دەستنیشانکردن .

– گەر مرۆ گومانی کرد کە تووشی شێرپەنجەی سییەکان بووە ئەوا پێویستە وێنەی تیشکی سییەکانی بگرێت .

لە زۆر باردا تیشك ئاماژە بە شێرپەنجەکە دەدات وەلێ شێرپەنجەی گچکە بە ناڕەحەتی دەردەکەوێت .

– وێنەی تۆمۆگرافی کۆمپیوتەری Computerized Tomography Thorax تەواوکەری وێنەی تیشکی سیپەلکەکان و ئەمیش شێوە ، شوێن و قەبارەی شێرپەنجەکە دیاری دەکات و زانیاری تەواو دەداتە پزیشك .

هاوكات ئەو میتۆدانە ئاماژەی پێدەكەن گەر شێرپەنجەكە بڵاوبووبێتەوە و گەیشتبێتە گرێ لیمفاوییەكانی نێو سییەكان ، نێو سك یان نا ؟ .

– سیپەلك بین (Bronhoskopy) ، پێش ئەنجامدانی پێویستە گەروو سڕ بكرێت ولە بۆری هەناسەوە سۆندەیەك دەكرێتە نێو بۆری هەناسەوە كە سەرێكی زەرەبینی پێوەیە و نێوپۆشی بۆریەكانی هەناسەدان دەخاتە سەر شاشایەكی تەلەفیزیۆنی و سەیری ئەو شوێنانە دەكرێت كە پزیشك مەبەستییەتی .



(سیپەلك بین)

هاوكات بە هۆی پێكهاتەیەكی تایبەتییەوە كە وەك مووكێش وایە دەتوانرێت نمونەیەك وەربگیرێت و پاشتر ئەنجامی نموونەكە ئاماژەی پێ دەكات ئایا نەخۆش شێرپەنجەیەتی یان نا .

– لە باری دی دا دەتوانرێت بە هۆی دەرزییەكی ئەستورەوە كونێك دەكرێتە كۆڵەكەی سنگ و بە یارمەتی دەرزییەكی ترەوە Mediastinoscopy neddle biopsy نمونەیەك واتە چەند خانەیەك رابكێرێت (دەمژرێت) و ئەنجامی تاقیگا بڕیار لەسەر ناوەرۆكی نمونە وەرگیراوەكە دەدات .

– چەندان تێست و میتۆدی دی دەتوانن یارمەتی دەستنیشانكردن بدەن .

**قۆناخەكانی شێرپەنجەی سییەكان**

**1– شێرپەنجەی جۆری (Non-small cell lung cancer)**

**قۆناخی 1**

لەم قۆناخەدا شێرپەنجەكە بڵاونەبۆتەوە بە خانەكانی سییەكاندا ، بە وێنەی تیشك دەستنیشان ناكرێت وەلێ سیپەلكە بین دەستنیشانی شێرپەنجەكە دەكات .

**قۆناخی 2**

شێرپەنجەكە گەیشتۆتە گرێ لیمفەكان یان بە بەشەكانی دی سییەكانی پێكاوە .

**قۆناخی 3A**

شێرپەنجەكە لە سییەكانەوە گەیشتۆتە لیمفەگرێكانی ناوەراستی سنگ .

**قۆناخی 3B**

شێرپەنجەكە گەیشتۆتە دڵ ، بۆریەكانی خوێن ، بۆری هەناسەدان ، سورێنچك یان لیمفەگرێكان .

**قۆناخی 4**

شێرپەنجەكە بەشەكانی دی وەك جگەر ، ئێسك و مێشكی گرتۆتەوە .

**2– شێرپەنجەی جۆری (Small cell lung cancer)**

**– شێرپەنجەی سنووردار (limited)**

شێرپەنجەكە یەك سیپەلكی گرتۆتەوە و نزیكە لە لیمفە گرێكان .

**– شێرپەنجەی بڵاوەبوو (Extensive)**

لەوانەیە شێرپەنجەكە هەردوو سیپەلكەكەی گرتبێتەوە ، زێدەتر گرێ لیمفاوییەكان و ئۆرگانەكانی دی گرتۆتەوە .

## ئامۆژگاری

لەم کاتانەی خوارەوەدا پێویستە مرۆ گومان لە نەخۆشییەکە بکات و پەیوەندی بە دختۆرەوە بکات .

= گەر مرۆ ماوەیەکی درێژ بکۆکێت و بەڵغەمی ریشاڵاوی یان خوێناوی پێوەبێت .

= گەر زوو زوو (دووبارەو سێ بارە) مرۆ تووشی سییەسۆکان ببێتەوە .

= گەر مرۆ ئیشتیهای خۆراکخواردنی خراپ ببێت ، هەست بە ماندووبوون بکات ، کێش دابەزێت ، هەناسەرسواربێت یان تاداربێت .

## چارەسەرکردن

ئەوەی شایانی باسە بە پێی قۆناخەکانی شێرپەنجەکە چارەسەرکردن دەگۆڕدرێت ، هاوکات پێویستە شێرپەنجەدار لە کلینیکی پسپۆری شێرپەنجەدا چارەسەربکرێت بە تیشک ، نەشتەرگەری ، دەرمان بۆ دامرکاندنەوەی نیشانەکان .

– پێویستە مرۆ وەرزش بکات ، جگەرە نەکێشێت و رێژەی خواردنەوەی مەی لە گەڵ بۆنەکاندا بێت .

– رۆژانە پێویستە مرۆ زێدەتر لە 500 گرام سەوزە ، میوە و خۆراکی نوێ بخوات .

رۆژانە بڕێك دەلوبیبەر ، سێو، گێزەر ، مۆز ، بڕۆکولی بخورێت وەلێ ئێواران ترێ و هەنار خواردن بە سوودە .

**سەرچاوەکان**


1. www.mayoclinic.com ©
2. www.internetmedicin.se ©
3. www.infomedica.se ©
4. www.netdoktor.passagen.se ©
5. www.interferon.se ©
6. www.cancer.com ©
7. www.student.educ.umu.se ©
8. www.cancerfonden.se ©
9. www.nlm.nih.gov ©
10. www.sos.se ©